کاوڕ

هەستو سۆزت مەشارەوە، با نەگەیتە ئەوەی هەست بە ساردی عاتیفە بکەیت، لەبەرامبەر ئەو کەسەی خۆشت دەوێت، لەڕووی مادییەوە توشی کێشە دەبێت. یەکشەممە ڕۆژی بەختە.

گا

هەندێ فشاری خێزانی تووشی دودڵیو ڕاڕاییت دەکات، لەڕووی عاتیفەوە خۆت بڕیاردەربە. خەرجییەکی زۆر دەکەیت لە گەشتکردندا، بەڵام بەقازانجت دەشکێتەوە. دووشەممە ڕۆژی بەختە.

دوانە

ئەم هەفتەیە هەموو کۆبونەوەکان لەبەرژەوەندیت دەبێت، مەوەستە دەستەوسان تاوەکو شەمەندەفەری بەخت بەلاتا بێسوود بگوزەرێ، فرسەتەکان بقۆزەرەوە، هەینی ڕۆژی بەختە.

قرژاڵ

لەو بارودۆخەی ئێستا پێویستیت بە شوێنی ئارام هەیە بۆ بڕیاردان، بەڵام بەخێرایی بڕیارمەدە، لەکاتی چارەسەری کێشەکاندا، کەسایەتیت بەهێزەو دەچیتە دڵەوە، هەینی ڕۆژی بەختە.

شێر

نزیک مەبەرەوە لە شەریکەکانت، کێشەش لەگەڵ ئەو کچانەی شوێنی کارەکەت فشاری عاتفیت بۆ دروست دەکات، ئاگات لەتەندروستیت بێت، باشترە پشویەک بدەیت، پێنجشەممە ڕۆژی بەختە.

فەرێک

پێویستە هەندێک چالاکی کۆمەڵایەتیو سەفەر بکەیت، پاشگەز مەبەرەوە لەو کارەی کردوتە، ئەمجارەش بەختت تاقی بکەرەوە، لەڕووی مادییەوە هەفتەیەکی نەگۆڕ دەبێت، سێشەممە ڕۆژی بەختە.

تەرازوو

هاوڕێ نزیکەکانت ئامۆژگاری باشت دەکەن، لەم کاتەدا ئەوەندە مادییانە مامەڵە لەگەڵ خێزانو هاوڕێکانت مەکە. پەیوەندییەک دەبەستیت ڕەنگە بەهاوسەرگیری تەواو ببێت، هەینی ڕۆژی بەختە.

دوپشک

بەشداری هەندێ کۆڕوکۆبونەوە، خەڵکی گرنگت پێدەناسێنێ، ڕەنگە پەیوەندییەکی سۆزداریش ببەستی، ئاگات لەبارودۆخی مادیت بێت، سێشەممە ڕۆژی بەختە.

کەوان

کەسێک کە لە گەڵتا کار دەکات دەیەوێ ناشرینت بکات، هەندێک کۆبوونەوە کە لەماڵەکەتدا دەبەسترێ ئامانجی خۆی دەپێکێت، پێنجشەممە ڕۆژی بەختە.

گیسک

هەندێ گۆڕانکاری دەکەیت لەماڵەکەتدا هەموو بەدڵییان نابێت، دەست بە پارەوە بگرە، لەکاتی ڕووبەڕوبونەوەی کێشەکاندا ئارامبە، چوارشەممە ڕۆژی بەختە.

سەتڵ

واز لەغیرەکردن بهێنە لەکاتێکدا یارەکەت لەگەڵ کەسیتردا ئاخاوتن دەکات، لەشوێنی کارەکەت ئەوەندە سوور مەبە لەسەر بیروڕاکانت، چارەنوست باش نابێت. هەینی ڕۆژی بەختە.

نەهەنگ

خۆت لە بەرپرسیارێتی مەدزەوە، جیاوازیش بکە لەنێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو کارەکەت، ڕێگە مەدە ئیستیغلالت بکەن، هاوڕێیەکی دێرین دەبینیتەوە، دووشەممە ڕۆژی بەختە.

ریهانای گۆرانییبێژ شوێن نەماوە نەیکاتە تاتۆ

یەکێک لەو گۆرانییبێژە ناودارانەی پۆپ "ریهانا" ئالودەبووە بە تاتۆو کوتان لەسەر جەستەی خۆی. تاوەکو ئێستا ١٠ نیگاری لەسەر جەستەی کێشاوە، جگە لەو شوێنانەی لەجەستەدا شاراوەن. ئەو نەقشێکی ئەفریقی لەسەر دەستی کردووەو بورجەکەی لەلای گوێچکەیەوەو لەسەر گەردنی کۆمەڵێک ئەستێرەو وێنەی کلیلێ لەسەر قاچەکانی لەسەر پەنجەی وشەی خۆشەویستی، مەروەها تەواوی ئازای گیانی بە نەقشەکانی تاتۆ داگیرکردووە. ئەم گۆرانییبێژە هەرچەندە یەکەم ئەلبومی لە ٢٠٠٥ەوە بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ئێستا یەکێکە لەناو دارەکانی گۆرانی پۆپ.

عەرەب لەندەنیان کردۆتە پیشانگای ئۆتۆمبیل

ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی ئاشکرایکرد گەورە دەوڵەمەندەکانی عەرەب شاری لەندەنیان کردۆتە پیشانگای نمایشکردنی ئۆتومبیلی گرانبەهاو ڕاقیو لەم وەزری هاوینەدا بایی ٥٠ ملیۆن جونەی ئۆتومبیلی گرانیان هێناوەتە پایتەختی بەریتانیا. ئەم دەوڵەمەندانە کە بەمەبەستی گەشت دەچنە بەریتانیا لەدوبەیەوە ئۆتۆمبیلەکانیان ڕوپۆشی کرۆم دەکەنو بەتەیارە شەحنی دەکەن بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی لەگەشتەکەدا لەگەڵیاندابێتو پێیان بسورپێنەوە. سەن ئاماژەی بەوەشکردووە خاوەن ئۆتومبیلەکان لەتەمەنی بیستو سییەکاندانو زۆر دەوڵەمەندن.

ژنان حەزیان لەڕەنگی سوورە

ئەو پیاوانەی دەیانەوێت سەرنجی ژنان بۆ خۆیان ڕابکێشن پێویستە پۆشاکو کراسی سوور بپۆشن. بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆیی لەئەمەریکا ژن زیاتر مەیلی لای ئەو پیاوەیە کە جلوبەرگی سوور دەپۆشێت. ئامادەکەری ئەم توێژینەوەیە کە پرۆفیسۆری زانستی دەروناسییە ئەندرۆ ئیلیۆت دەڵێت "لەدیدی ژناندا سور پۆشین خولیای بەدەستهێنانی پارەو پلەو پۆستی زیاترە". لەمیانەی توێژینەوەکەدا زۆربەی ژنان ڕایانگەیاندووە ڕەنگی سوور شەخسیەتو هێزی زیاتری کۆمەڵایەتیو سێکسی بەپیاوان دەبەخشێت.

دەمەقاڵە بەتەندروستی باشە

توێژینەوەیەکی پزیشکی نوێ ئاشکرایدەکات ناوبەناو دەمەقاڵە لەگەڵ بەڕێوەبەر یان هاوسەرو منداڵ بۆ تەندروستی باشە ئەگەر لەچوارچێوەیەکی تەندروستدا بکرێت.

ماڵپەڕی (لایف ساینس)ی پزیشکی رایگەیاندووە تیمێکی پسپۆڕ لەزانکۆی مەشیگانی ئەمەریکا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی ئەگەر مرۆڤ خۆی لەدەمەقاڵە لابدات ئەوە بۆ تەندروستی باش نییەو ئەبێتەهۆی خۆخواردنەوەو بێزاریو ڕۆژی دواتر گرفتی فیزیایی زۆر بۆ کەسەکە دروست دەکات.

گایەک ٤٠ کەس بەر شۆقەکانی ئەدات

لەمەدریدی ئیسپانیا لەکاتی ڕۆرانبازی لەگەڵ گادا، گایەک خۆی دەخاتە ناو هاندەرانەوەو ٤٠ کەس بریندار دەکات، پاش ئەوەی کۆنترۆڵی گاکە دەکەن، دواتر بڕیاری کوشتنی گاکەش ئەدرێت. ئەوە یەکەمجارە لەو جۆرە یارییانەی کە ئیسپانیای پێ بەناوبانگە گایەک هاربێو بچێتە ناو هاندەرانەوە.

گەرما ١٣٢ کەس لەیابان دەکوژێت

بەهۆی ئەو گەرمایەی ڕووی لەتۆکیۆی پایتەختی یابان کردووە، تاکو ئێستا ١٣٢ی کوشتووەو ٣٠ هەزار کەسیشی لە نەخۆشخانەکان خەواندووە. لە یابان پلەی گەرما گەیشتووەتە ٣٧ پلەو بەو هۆکارەشەوە ئەوانەی دوچاری ئەو گرفتانە بوونو تەمەنی زۆرینەیان لەدەوروبەری ٦٥ ساڵدایە، تاکو ئێستا یابان گەرمای وەهای بەخۆوە نەدیوە.

نوێژی موسوڵمانەکان لەکەنیسەی مەسیحییەکاندا

لە کەنەدا، کەنیسە ئەردەری یەکگرتوو ڕێگەی داوە کە کەنیسەکان بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی موسوڵمانەکان نوێژی تەراوێحی تیا بکەن، دوای ئەوەی لەو بنکە ئیسلامییەی هەیە، جێگەیان نەبووەتەوە. هەروەها بڕیاردراوە تاوەکو ڕەمەزان تەواو ئەبێت ئەو کەنیسەیە خواردن ئامادە بکات بۆ ڕۆژانو خەڵکی تریش کە سەر بە ئایینی ترن. لەو وڵاتە ٨٥ هەزار موسوڵمان هەیەو ئەو بنکە ئیسلامییەش تەنها جێگەی ٢٠٠٠ نوێژکەر دەبێتەوە.

کامیان خیانەتی زەوجی زیاتر دەکەن

هەرچەندە پیاوان زۆر بەوە ناویان دەرکردووە کە زۆرترین خیانەتی زەوجی دەکەنو دەتوانن پاساویشی بۆ بهێننەوە، بەڵام دیراسەیەکی تازە دەریخستووە کە ژنانیش کەم خیانەت ناکەن، بەڵام لە چۆنێتی شاردنەوەی ئەو کارەیان زاناترن. بەپێی ئەو دیراسەیەی کە بەسەرپەرشتی توێژەرەوەی بەریتانی هۆڵمەز بووە کە مامۆستای دەروناسییە لەزانکۆی مانشستەر دەرکەوتووە کە یەکێک لە نێوان ١٠ پیاودا خیانەتەکەی کەشف دەبێت، لەبەرامبەردا لەبیست ژن تەنها یەک ژن خیانەتەکەی کەشف دەبێت.

ئەو دیراسەیە هۆکاری ئەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ژنان دەتوانن پەیوەندییەکانیان بە نهێنی بهێڵنەوەو لەڕووی عاتیفییشەوە ستراتیجێکییان هەبێت، بە پێچەوانەی پیاوانەوە کە ڕۆحی موغامەرەیان تێدایە.

ئاسۆیی

١. درامایەکی تەلەفزیۆنی کۆنە (پ).
٢. ڕووخسار، شارێکی کوردستانی ڕۆژهەلاتە (پ).
٣. دوای بێسەر، سیان لەدرەخت، کەژی بێناوەراست، بێچووی بوو.
٤. ڕاژە، درشت (پ)، گەنجی (پ).
٥. جۆرێکە لەترێ، زیندەوەرێکی زیانبەخشە.
٦. بەباڵندە دەوترێت (پ)، لەبەردەکرێ، پێداویستی ماڵە.
٧. تەرزی بێخڕ، تکە.
٨. تاق (پ)، نەخۆشییەکە (پ)، تابوتی بێبن (پ).
٩. مانگێکی کوردییە.
١٠. یەت (ت)، بەرین (پ)، سەردار (ت).
١١. دەریای گەورە، ڕووبارێکە (پ)، بینایی.
١٢. کازینۆ (ت)، گۆرانی (پ).
١٣. ڕەنگێکە (پ)، یادەوەری (پ).
١٤. میرێکی کورد بووە (پ).

ستوونی

١. شتێک شاردراوەتەوە (پ).
٢. یەکەمی دوایین ستار ئەکادیمی (پ)، جۆرە دراوێکە.
٣. پاشا (پ)، گیانەوەرێکە، میوەیەکە.
٤. شاخێکە لەکوردستان (پ)، دابەستە (پ)، ڕسق (پ).
٥. ناوێکی کوڕانەیە، نێرەی بەراز (پ).
٦. قسەی کرد (پ)، جۆرە دیالێکتێکە، سزا (ت).
٧. ڕەوان، ئامێرێکی مۆزیکییە.
٨. بەچکەی مەڕ (پ)، تاری بێناوەند (پ)، بەڕۆک.
٩. زمانزان.
١٠. کێو (پ)، کەسایەتییەکی ناسراو بوو، وەکویەکە، دەی (ت).
١١. ناوێکی کچانەیە (پ)، وڵاتی کوردان.
١٢. بێدەنگ، بڵاوبۆتەوە (پ)، وڵاتێکە لەئاسیا.
١٣. زیرەک، کورتکراوەی ناوێکە.
١٤. .....مەگەر موقەدەر لای خودا بێت.

وشەی یەکتربڕ

	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
١														
٢		■					■		■				■	
٣			■				■		■					
٤						■				■				
٥								■						
٦				■		■					■			
٧		■	■				■					■	■	
٨					■			■	■					
٩		■	■									■	■	
١٠				■				■						
١١						■			■					
١٢							■			■				
١٣		■						■					■	
١٤	■													■

وەڵامی ژمارەی پێشوو

	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
١	ن	ی	ر	و	م	ی	■	■	ک	و	ک	ر	ه	ک
٢	ه	■	■	ن	ی	ر	ه	س	■	ا	و	■	د	ۆ
٣	چ	ۆ	ر	■	خ	ه	ر	م	ا	ن	ا	ن	■	م
٤	و	پ	ه	پ	ه	ن	و	ک	■	■	ب	ه	ن	ا
٥	ر	ه	م	ه	ک	■	■	و	ر	چ	■	س	ی	ر
٦	ی	ک	■	ژ	ه	هـ	ر	■	ی	ه	خ	ه	■	ی
٧	ق	■	ت	م	■	ا	و	ر	ب	■	ه	ح	س	■
٨	و	■	ت	و	■	ژ	ی	ن	و	■	س	ر	ک	■
٩	ت	س	■	ر	و	ه	هـ	■	ا	گ	و	ی	■	ه
١٠	ن	ی	م	د	ر	■	■	و	ر	پ	■	هـ	ی	ن
١١	ا	گ	ر	ه	د	ر	ه	ب	■	■	ز	ا	ر	ی
١٢	د	ا	د	■	ی	ا	و	ا	ئ	ل	ا	م	■	و
١٣	ر	■	■	ه	ل	و	چ	ک	■	ی	و	■	ر	ا
١٤	ی	ن	ه	م	ه	س	■	■	ی	د	ا	ز	ا	ئ

ئامادەکردنی: کورده قادر